## محەمەد عەرێبی سەرۆکی دادگای تاوانبارنی ئەنفال ....

# ئەو کوردانەی ناویان لە لیستی تاوانباران بڵاو کراوەتەوە ئەگەر لە عێراقیش نەما بن ئەوا لە ڕێگای پۆلسی نێو دەوڵەتی ئەنتەر پۆل پەلکێشی دادگا دەکرێن ......



**.. چاوپێکەوتن رزگار کۆچەر**

Rzgar44@hotmail.com

دادوەر محەمەد عرێبی لە 27_10_1969لە شاری بە غدا لە دایک بووە ئەو لە خانەوادەیەکە بە ئەسل خەڵکی شاری عیمارەی خوارو،ی عێراقن لە سەردانێکی بۆ شاری هەولێر وەڵامی چەند پرسیارێکی داینەوە ...

پ لە خەیاڵت بوو رۆژێک لە دادگا گەورە تاوانبارێکی وەک سەدام و دارو دەستەکەی دادگا بکەیت ؟؟

وەڵام نەخێر نەوەڵا قەت لە خەیاڵم نەبوو بەڵام سوپاس بۆ خوای گەورە کە من ئەو شەرەفەم پێ بەخشرا کە ئەو دادوەرە بم تا دیکتاتۆرێکی وەک سەدام و دار و دەستەکەی دادگایی بکەم ..

پ یەکەم جار کە چویتە نێو هۆڵی دادگا نەترسایت ؟؟

وەڵام کە تازە لە زانکۆ دەرچوو بووم لەیەکەم قەزیە لە بەردەم دادوەر هەستم بە ترس کرد باورکەن خۆم پێرانەدەگیرا بەڵام لەم دادگایە قەت رۆژێک هەستم بە ترس نە دەکرد کە ئەو تاونبارانە دادگایی دەکەم ..

پ ئەی چۆن سەدام و دار و دەستەکەت بینی لە نێو هۆڵەکانی دادگا ؟؟

وەڵام تاوانبار سەدامم ئاسایی دەبینی نە ئەو دەترسا نە من لێی دەترسام بەڵام هەندێکی تر لە تاوانباران ترسیان پێوە دیار بوو ..

پ چەند جار سەدامت لە هۆڵی دادگا خستە دەرەوە ؟؟؟

وەڵام چوار جار

پ پاش ئەوەی بۆ چوار جار لە هۆڵی دادگا سەدامت خستە دەرەوە هیچ جۆرە هەرەشەیەکت لێ نەکرا ؟؟

وەڵام نەخێر

پ پاش ئەوەی بریاری لە سێدارەدانت بۆ عەلی کیمیاوی تاونبارەکانی تر دەرکرد ئەوانت چۆن بینی ؟؟ نەدەترسان ئەوان چاوەرێی ئەو بریارە بوون بۆیان دەرچێت ؟؟

وەڵام وا تەسەور ناکەم ئەو کات ترسابن بەڵام لە خەیاڵیان نەبوو دادگا بریاری لە سێدارە دانیان بۆ دەر بکا ئەوان لە خەیاڵی ئەوە بوون بریارێکی سوکیان بۆ دەربچێت وەک بڵێی هیچ تاوانێکیان بەرامبەر گەلی عێراق نەکردبێت بەڵام دادگا قسەی هەقی خۆی هێنا جێ و بەپێی ئەو بەڵگە نامەو ئەو تاوانانەی ئەم تاوانبارانە ئەنجامیان دابوو ئەوان دادگایی کران بۆیە ئێمە بە شێوەیەکی یاسایی بریاری تەواوی دادگامان بۆ دەرکردن تا بەسزای هەقی خۆیان بگەن ..

پ دادگای تاوانبارنی ئەنفال لیستی هەموو ئەو تاونبارانەی بڵاو کردووە کە بە پێی بەڵگەکان دەستیان هەیە لەم تاوانە , ئەوانە کەی پەلکێشی دادگا

دەكرێن بەتایبەتی تاونبارە كوردەكان ..

وەڵام ئێمە تا ئێستا فایلی ئەوانمان بەتەواوەتی یەك لا نەكردۆتەوە ئەو مەلەفە مەلەفێكی زۆر گەورەیە ئێستا ئێمە لە ڕێگای نوسینگەكانمان لـە شـارەكانی هەولێر و سلێمانی هەوڵ دەدەین زیاتر زانیاریمان دەست كەوێت و چاوەڕێی ئەوەش دەكەین كە هەركەسێك بەڵگەیەكی بەرامبەر ئـەو تاوانبارنـە هەیـە یان داوای یاسایی لەسەریان هەیە با زوو پێشكەشی بكات تا بە نزیكترین كات ئێمە قەسدم دادگایە كاری یاسایی خۆمان لە دادگا بكەین ؟؟

پ ئەی ئەو كوردانەی كە جاران سەرۆك فەوجی جاش و مەفرزە خاسە بوون ناویان لەم لیستە بڵاو بۆتەوە , ئێستا هەنـدێك لـە ئـەوان لـە عێـراق رایـان كردوە ئەوان ئێستا لە هەندێ وڵاتی دراوسێ جێگیر بوونە چ بەرامبەر بە ئەوان دەكەن ؟؟؟

وەڵام ئێمە لە ڕێگای پۆلیسی نێو دەوڵەتی ئەنترپۆل هەموو ئەو تاوانبارانە پەلكێشی دادگای عێراقی دەكەین و لە هـەر شـوێنێكیش بـن لـەم تاوانـە ئەگـەر تاونبار بن ئەوا دەرناچن و قورتار نابن دادگا بە شێوەیەكی عادیلانە بە سزای خۆیان دەگەینێت جا ئەو تاونبارە كورد بێـت یـان عـەرەب بێـت گـرینگ تاوانی بەرامبەر گەلی عێراق كردبێت ئەوا لە هەر شوێنكی ئەم دونیایە بێت ئەوا ئێمە لە ڕێگای پۆلیسی نێو دەوڵەتی پەلكێشی دادگای عێراقی دەكـەین تـا بە سزای خۆی بگات  دڵنیاش بن ئەوەی تاوانبار بێت لە سزای دادگا قورتار نابێت ؟

پ  ژمارەی ئەو كوردە تاوانبارانە قەسدم سەرۆك جاشەكانە چەندە كە دادگا داوای كردوون و بەڵگەیان لەسەر هەیە ؟؟

وەڵام زۆرن بەڵێ زۆرن ...چاوەڕێ دەكەم هێشتا ژمارەیان زیاتر بێت بە تایبەتی ئەوانەی ئەم تاوانەیان لەسەر ئیسپات بووە و بەبڵگەو شایەدەوە تاوانبـارن كە لە پرۆسەی بەد ناوی ئەنفال بەژدار بوونە ..

پ وا پێشبینی دەكەیت سزای تاوانبار سوڵتان هاشم كە لە سێدارەدانە جێ بەجێ نەكرێت و سزایەكە سوك بكرێت ؟؟

وەڵام نەخێر چونكە دادگا ئەوەی یەكلا كردۆتەوە و هیچ كەسێكیش ناتوانێت ئەم بریارە سوك بكات چونكە یاسا خۆی بریاری لەسەر داوە .

پ لەگەل كۆتا هاتنی تەمیز كردنەوەی بریاری لە سێدارەدانی تاوانبارانی ئەنفال ئێستا دەگوترێت سەرۆكی كۆمار ئیمزا لەسـەر لـە سـێدارەدانی سـوڵتان هاشم ناكات لە ڕووی یاسایی ئەم بریارە چۆن یەك لا دەكرێتەوە؟؟

وەڵام لە مادەی 27 یاسای دادگای جنایاتی باڵای عێراقی هاتووە یەكەم جێ بەجێ كردنی ئەو بریارانەی كە لە دادگاوە دەرچوون بۆ هـیچ كەسـێك نیـە لـە هەر پۆستێك بێت بە سەرۆك كۆمارەوەش لەم تاوانبارانە ببورێت كە ئەم دادگایە بریاری لە سەرداون و دەبێت پـاش 30 ڕۆژ لـە دەرچـوونی بریارەكـە ئەو سزایانەیان بەسەر بدرێت كە دادگای باڵا بۆی دەركردوون , بۆیە یاسا لەم مادەیە بە ئاشكرا دەڵێت بۆ هیچ كەس نیە ئەو سزایە كەم بكاتەوە ...

پ لەكاتی بەرێوەچوونی دادگای ئەنفال یەكێك لە خانەوادەكەت دووچاری تیرۆر كردن بۆوە ئەو كات لە تەواو كردن و جێ بەجێ كردنـی دادگـای كردنـی تاوانباران سارد نەبویتەوە ؟؟ یان زیاتر ئەم تاوانە هانی بەردەوام بوونی دایت ؟؟

وەڵام بەڵێ تاوانێكی گەورەیان بەرامبەر یەكێك لە خانەوادەكەم كرد ئەوان قەسدیان ئەوە بوو من سارد ببمـەوە لەبـەرێوەبردنی داگاكـە بـەڵام خـەیاڵیان خاوو بوو من بەردەوام بووم تا دوا بریاری دادگام بە عادیلانە جێبەجی كرد .

پ چۆن ئەدائی پارێزەرە كوردەكانت بینی لە دادگا ؟؟

وەڵام بەراستی لیاقەیەكی باشیان هەبوو ئازا بوون نەدەترسان زانیاری چاكیان هەبوو لەسەر تاوانباران و زۆر بە یاسایەوە لـە نـاو دادگـا كاریـان دەكـرد و قسەیان دەكرد ..

پ ئەی چۆن ئەو شایەدانەت بینی كە هاتبوون لە داگا شایەدی لەسەر تاوانباران بدەن ؟

وەڵام بەراستی زۆربەیان سەرنجیان راكێشام بە ئەدەب بوون و ڕێزیان لە خۆیان و بەرامبەریان دەگرت و نە دەترسان بەرامبـەر تاوانبـاران بەراسـتی ئـەو شایەدانە بە ئێمەیان نیشان دا كە گەلی كورد زۆر مولتەزیمەن لە ڕووی لە ئەخلاقەوە ..

پ بۆ ئێستا لە هەولێریت ؟؟

وەڵام بلێم چی من دۆست و برادەرم زۆرە لێرە بۆ خۆم هاتووم

پ ئەگەر شتێكت مابێت

وەڵام سوپاس بۆ تۆ  ...